کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1-11-2007 22:42

## تەریق بوونەوە ... هەردی شەفیق

مرۆ تەریق نەبێتەوە ئاسایە لەهیچ شتێك شەرم نەكات و ئەوەی دڵ دەیەوێت وئارەزوی دەیەوێت بیكات. ئەگەر چی خراپیشبێت. بەدیوێكی تردا ئەوانەی تەریق دەبنەوە بەتەواوی مان مرۆڤن وشەرم لەگوناە و هەركارێك ئەكەن كەمایەی شەرمەزاری بێت، لەگەڵئەوەشدا ئەمانە زۆرینەیان لە چینە بێبەش و ژێر بێژنگەكانی كۆمەڵن و بەشێوەیەك پەراوێز ئەخرێن دەستیان لەهیچ شوێنێكدا نەڕوات و كەسیش بەتورێكی قەڵب و فلسە سورەیەك نایانكڕێت. ئەوانەشی شەرم لەزۆر كارناكەن مایەی شەرمە ڕۆژگار بەدڵی ئەوان دەگوزەری. لەچەند مانگی پیشودا پێشودا وەزیری دەرەوەی یابان دوای ئاشكرا بوونی گەندەڵی چیتر نەیتوانی لەدەست شەرمەزاری خەڵك قوتاری بێت و خۆكوژی لە دە ست تەریق بونەوە بەباشترین ڕێگە زانی. نەك هەرئەوە بچوكترین گەندەڵی كەلەچاو كەم و كورتیەكانی ئێمەدا قەترەیەكە لەدەریایەك دەست لەكاركێشانەوەی خۆیان ڕادەگەیەنن.

من دەرون ناس نیم لی دەزانم سی مرۆڤ هەیە ئەوانەی لەناو ناخی خۆیاندا تەریق دەبنەوە و ئەوانەی لەبەردەم خەڵكداو ئەوانەی دوای ئاشكرابوونی كارە خراپەكانیان تەریق دەبنەوە ئەوەشمان بیر نەچێت هەشە بەهیچ شێوەیەك تەریق نابێتەوە. هەرچی گۆڤارو ڕۆژنامە هەیە بەدەر لەكوشتنی پیاوان پڕكراوەتەوە لەهەواڵی كوشتنی ژنان و سوكایەتی كردن بەخەڵك و ڕۆژنامەنوسان وەزارەتێكمان هەیەبەناوی وەزارەتی مافی مرۆڤ. بەدیارچاوی خەڵكەوە سوكایەتی بەڕۆژنامەنوس ئەكرێت و ڕۆژنامەكان سیخناخن لەهەواڵی ژن كوژی. بەهەرسی موەلیدەی ماڵان و ئەهلی وكارەبای حكومەتیشەوە 24 سەعات كارەبامان نیە و وەزارەتێكیشمان هەیەبەناوی وەزارەتی كارەبا. لە سەیرانگاكاندا لەبەرقوتوی بیبسی و بیرەو زبڵ ڕی نیە بڕۆیت و تەوالێتێكی تیانابینی وەزارەتێكمان هەیەبەناوی وەزارەتی گەشت وگوزار. هەرچی گەنجی ئەم وڵاتەهەیە لەبەربێكاری و ڕەزالەت و گرانی ژیان و نائومێدی لەئایندەی، خەوخەیاڵ و ئومێدو ئاواتی بووە بەهەندەران و ەزارەتێكیشمان هەیەبەناوی وەزارەتی وەرزش ولاوان. تائێستا ش پێشمەرگەی كوردستان لەژێر دەسەڵاتی حیزبەكاندان و لەڕیزی پێشمەرگەی دێرینەكاندا جاشی تێدایە دوو وەزارەتێ ترمان هەیە بەناوی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی هەرێم بۆكاروباری پێشمەرگە. وەزارەتێكمان هەیە بەناوی وەزارەتی نەوت وچلەی هاوین بەدوای نەوتی ساڵی پاردا ڕائەكەین. دوو وەزارەتی ترمان هەیەبەناوی وەزارەتی دارایو وەزارەتی هەرێم بۆكاروباری دارایی و تەنها كەسێك نیە ئەومەتەڵە هەڵبێنێت بزانێت چۆن وبەپی ی چی بەرنامەیك خەرج ئەكرێت بەرچاو ڕونی و ئەوشتانە هێشتا نەچووەتە بەرنامەوە. وەزارەتێكی ترمان هەیەبەناوی گەیاندن قلوبەیەكی تاقانەی تەلەفونت دەست ناكەوێت لەناو شاردا. وەزارەتێكی ترمان هەیە بەناوی وەزارەتی شەهیدو ئەنفال كراوەكان زۆرێك لەنەخۆشەكانی پاشماوەی كارەساتی ئەنفال بەدیار چاویانەوە خواحافیزی لەم خاكە ئەكەن كەبوونە قوربانی زوڵمی بەعس و پەراوێزخستنی دەسەڵاتی كوردی و هێشتا ژنی ئەنفالكراوەكان بەخشت دروستكردن و كرێكاری درێژە بەومەرگە ئەدەن ناوی ژیانە. وەزارەتێكی ترمان هەیە بەناوی كشتوكاڵ هەرچی جوتیارئەبینی یاپۆلیسە یا ڕوی كردوەتە شار لەبەربێكەڵك بوونی كشتوكاڵ و خزمەتنەكردنی جوتیارو دابین نەكردنی كەرەستەو هەرزانی بەروبووم. وەزارەتێكی ترمان هەیە بەناوی تەندروستی ڕولە هەرشارێك ئەكەیت بۆنی زبڵی كۆڵانەكان مرۆڤ ئەكوژی. وەزارەتێكی ترمان هەیە بەناوی ئاوەدانكردنەوە و نیشتە جی كردن هێشتا خانووەكەی عومەری خاوەر كەڕەمزی قوربانی كیمیاویە كەلاوەكۆنەكەی جارانە. خۆئەگەر بڵێن هیچیان نەكردووە ناهەقیەكی گەورەئەكەین بەڵام ئەمانەش مشتێكە لەنمونەی خەرمانێك ومنیش جاری دەستم بەهەویرە هەرئەوەندەم لەبیرە

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:42 1-11-2007

Jgarsoz8181@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.